# نەوشیروان موستەفا جەلالیەو هیچ ناکۆکیەکی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی دا نیە .

## هاوار گەرمیانی

لەساڵی 1976وە کەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان داینەمۆو باڵێکی سەرەکی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە ، تاکو ساڵی 1984 جلال تاڵەبانی خستبۆ ژێرفشارێکی توندەوە ، جلال تاڵەبانی لەوسەردەمانەدا هەمیشەلەململانەیەکی توند دابو و جێگاوپایەی لەناو یەکێتی داپێ لێژ ببو و ، هیچ مەحبوبیەتێکی نەمابو ، تەنانەت کارگەیشتبۆ ئەوڕاددیە پێشمەرگەکان پێیان شەرم بو ڕەسم لەگەڵ جلال تاڵەبانی دا بگرن ، مام جلال بەشخسیەتێکی کۆنەپەرست و کۆنەجاش وگێرەشێوێن ناسرابو لەناو یەکێتی دا ، جلال تاڵەبانی بۆئەوەی لەو تەنگەژەیە سەرکەوتوانە دەربازبێت هەوڵی ئەدا باڵەکانی تری ناو یەکێتی وەک خەتی گشتی و شۆڕشگێڕان بەهێزبکات کەئەندامانی ئەودوخەتەکۆنەهاوڕێی خۆی بون و زۆرتر لایەن گریان لەجلال تاڵەبانی ئەکرد ، تەنانەت لەکۆنفرانسی دامەزرادنی شۆڕشگێڕان بەسکرتێری ئەوڕێکخراوە هەڵبژێردا ، ئەوکێشەیە تاکومفاوەزاتی ساڵی 1984 بەردەوام بو ، لەسەردەمی مفاوەزات دا هاوکێشەکان گۆڕان ، بەهۆی خیانەتی نەوشیروان مستەفا لەکۆمەڵە ونەمانی بنەماکانی حیزبایەتی لەناوکۆمەڵەدا ، جلال تاڵەبانی بوبە دەم ڕاست وسیمبولی یەکێتی ، هەرلەوێشەوە بەهۆی کڕینی هەندێ لەکادرانی سەربازی بەپلەوپایەبەتەواوی دەسەلاتی خۆی بەسەریەکێتی دا سەپاند ، ئالای شۆڕش لەئەنجامی ئەوململانەیەوە سەری هەڵدا ، کەزوربەی ئەندامانی یەکێتی بەدەسەلاتی بێ سنوری جلال تاڵەبانی ڕازی نەبون ، لەتێکشکاندنی ئەوحەرەکەتە ئیعترازیەش لەساڵی 1986نەوشیرون مستەفا هاوکاری زۆری پێشکەش بەجلال تاڵە بانی کرد بۆسەرکوت کردنی ئەونارەزایەتیەکەلەناو یەکێتی دا دژی دەسەلاتی بێ سنوری جلال تاڵەبانی زۆربەتوندی سەری هەڵ دابو ، ساڵی1992 کاتێک جلال تاڵەبانی هەوڵی داهەموباڵەکانی ناو یەکێتی وکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وبەتەواوی بنەماکانی حزبایەتی لەناو یەکێتی داهەڵبوەشێنێتەوە ویەکێتی کردبەهێزێکی میلیشیایی ودورلەهەموداب ونەریتێکی نیشتیمان پەروەری وکلک گرێ دان لەگەڵ موخابەراتی دەوڵەتانی ناوچەکە و تائەم کاتەش هێزەکانی یەکێتی بۆبەرژەوەندی شەخسی وپاراستنی دەسەلاتی تاک ڕەوی ودیکتاتۆریانەی خۆی بەکارئەهێنێت ، نەوشیروان مستەفا لەم هەوڵەشی داپاڵپشتی جلال تاپەبانی بو .

پاشماوەی ئەوناکۆکیانەش کەلەم دوایانەدا سەری هەڵدایەوە ، ئەمجارەش نەوشیروان مستەفا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕالەدەربازکردنی جلال تاڵەبانی لەڕق وتوڕەیی هەندێ لەکادرانی پایەبەرزی ناو یەکێتی ، ئاخر نەوشیروان مستەفا هیچ کات لەگەڵ کۆسرەت ڕسوڵ دانوی نەکولاوە ، بەشداری کردنی ئەمجارەی نەوشیروان مستەفا لەدەربڕینی نارەزایی دژی دەسەلاتەکانی جلال تاڵەبانی لەگەڵ هەندێ لەکادرانی پایە بەرزی ناویەکێتی پلانێکی ڕون وئاشکرابو بۆلەباربردن وسەرنەکەوتنی ئەونارەزایەتی یەوئێستالەجیاتی یەک دیکتاتۆر بون بەدو دیکتاتۆر .

هاوار گەرمیانی
27-10-2004